## وێنەی مێژوویی سەردەمی قاجار

دوو بەرگ کتێب بە زمانی فارسی لە لایەن زانستگەی تارانەوە بڵاو بۆتەوە کە پێرستی ٢٠ هەزار وێنەی مێژوویی ناو کتێبخانەی ناوەندیی زانستگای تارانە.
وێنەکان، سەردەمی قاجار (١٧٧٩-١٩٢٥) دەگرنەوە و ژمارەیەکی زۆری کەس و شوێنی جۆربەخۆریان گرتۆتە بەر. بەشێک لە وێنەکان، کوردستان دەگرنەوە و من بابەتێکی سەربەخۆم لە سەر ئەو بەشانە نووسیوە و بریارە لە گۆڤارێکی دەرەوەی وڵاتدا بڵاو بکرێتەوە.
وەک گوتم، کتێبەکان تەنیا پێرستی ئەو ٢٠ هەزار وێنەیەیان تێدا چاپ کراوە و من هەوڵم داوە لە ناویاندا وێنەی پێوەندیدار بە کورد یا کوردستان بدۆزمەوە، کە کارێکی هاسان نییە و زۆر وا هەیە گەلێکیانم نەکەوتبێتە بەر چاو لەبەر ئەوەی ٧٣١ لاپەڕە پێرست دۆزین و دۆزینەوەی بابەتی دڵخواز سووک و سانا نییە.
وێنەکان زۆرێک لە ناوچەی ساباڵغ هەڵگیراون کە بۆکانیش بەشێک بوە لە ناوچەی ئیداری ساباڵغ. ئەوانەی خوارەوە هەڵبژاردەیەکن لە پێرستەکە و ئەگەر کەسێک بیەوێ زانیاریی زیاتری لێ وەدەست بهێنێت، دەبێ راستەوخۆ سەیری کتێبەکە بکات :

وێنەی ژمارە ٢٥٤٢ و ٢٥٤١ و ٢٥٥٠    سوارەی کورد لە نزیک ساباڵغ
وێنەی ژمارە ٢٥٣٧    گوندی کوردان
وێنەی ژمارە ١٣٧٤    عەزیزخانی سەردارکولل لە گەڵ فەرەج خانی ئەمین الدولە
وێنەی ژمارە ١٣٠٤ و ٩٠٨٥ و ٩٠٨٨    قەڵای تەختی سولەیمان
وێنەی ژمارە ١١٩٤٤    گوڵاوی ئاغای کوڕی سیف الدین خان
وێنەی ژمارە ١٨٣ و ١٩٧ و ٣٩    عێل و عەشایری لوڕ و کورد و بەختیاری
وێنەی ژمارە ٤٢٤٣    حەسەن ئاغا ئامۆزای قادرئاغای سەرەک هۆزی گەورک
وێنەی ژمارە ١١٤٨    سەیفەددین خان کوڕی سەرداری کولل

تایبەتمەندی کتێبەکە :
فهرست عکسهای تاریخی ایران، جلد اول "دورەء قاجار" بررسی و تدوین قاسم صافی بر مبنای یادداشتهای شادروان حسین محبوبی اردکانی، ناشر: دانشگاه تهران – کتابخانه مرکزی و مرکز اسناد، ١٣٦٣ [١٩٨٤]، جلد دوم همان مشخصات، سال ١٣٦٤ [١٩٨٥]، فارسی.